www.kurdistannet.org
11/03/2002 09:58

# PUK
# له ڕۆژنامەنووس دەترسێت ؟

**عەباس شوان**
a.shiwan@ikurd.com

بۆ یەکەمجار بەرپرسێکی گەورە وەك دکتۆر **فوئاد مەعسوم** لێپرسراوی مەڵبەندی دەرەوەی PUK، سەردانێکی چەند ڕۆژە بۆ وڵاتی Finland دەکات. لەو گەشتەیدا بە پێی هەواڵی ئێوارەی ڕۆژی ( 02. 3. 10) ی KURDSAT. TV ناوبراو چاوی بە لێپرسراوان لە **پەرلەمان** و **وەزارەتی دەرەوە** و **پارتی سۆسیال دیموکراتی فینلەندی** کەوتووە. هەروەها بە پێی ڕاگەیاندنێکی کۆمیتەی فینلەندی هەمان ڕێکخراو سیمینارێکی گشتی بۆ جالییەی کوردی سازدا، **جێی سەرسوورمانە بوو لە هەواڵەکەدا باس لەوە نەکرا** ؟؟

بە ئامادە بوونی نزیکی 150 کەس، ئێوارەی ڕۆژی شەممە 02. 3. 9دکتۆر فوئاد لە شاری Helsinki سیمینارێکی بێ ناونیشانی گێڕا.

دکتۆر، بە گشتی قسەوباسەکانی لەسەر ڕەوشی سیاسی کوردستان و ناوچەکە بوو و پێی لەیەر مەسەلەی سیستەمی فیدرالی و پرۆسەی ئاشتی و ئازادی بیروڕا و بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراك و کوردە فەیلییەکان و هتد.



دوای تەواو بوونی قسەکانی دکتۆر، مۆڵەت بە ئامادەبووان درا، ژمارەیەکی دیاریکراو سەرنج و تێبینی و ڕەخنەی خۆیان دەربڕی، ناسراوترینیان: نوێنەری KDP **خەسرەو پیربال** و چیرۆکنووس و هونەرمەندی شێوەکار **عەبدوڵڵا سەراج** و هەنەرمەندی شێوەکار **سالار سۆڤی**.

پاش گفتۆگۆیەکی گەرم و گوور سیمینارەکە کۆتایی پێهات.

**تێبینی سەرەنجەکان:**

= بە ڕەسمی وەك ڕۆژنامەنووس بانگهێشت کرابووم، لەبەردەمی دکتۆردا ریکۆردی تۆمارکردم دانا، تا بۆ نووسین و هەرچی زیاتر دەوڵەمەند کردنی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵە سوود ببینم، **ڕازی نەبوو**؟؟ سەیر ئەوەبوو هەر دوای تۆزێك هاتە سەر باسی ئازادی بیروڕا.

منیش لە سەرەی قسەکردنمدا بە کورتی ئەو ئازادییە درۆینەم بۆ سەلماند کە نەك لە کوردستان، بەڵکوو ئەوەتا **لێرەش سانسۆری ڕۆژنامەنووسان دەکەن**.

لە بەشێکی تردا ڕەخنەم لەو دروشمی ئێستای سەرکردایەتی سیاسی گرت کە کوردستان یان نەمانیان کردووە بە **عێراق یان نەمان**.

دکتۆر، وای دەربڕی کە مزگەوتی حوسەینییە لەبەر خاتری کوردە فەیلییەکان دروست کراوە؟ منیش ئەوەم بیر هێنایەوە ئایا **شوێنی ناوبراو کاربەدەستێکی گەورەی کۆماری ئیسلامی ئێران نەیکردەوە**؟؟

لەسەر ئەو دوو بڕیارە کە لەبەرژەوەندی ژنان دەرکرابوو، دووفاقی بڕیاردەرانم بەوە هێنایەوە لە کاتێکدا کارێکی باشی وا دەکەن بەڵام ژێربەژێر مام جەلال نامە دەنێرت بۆ دادوەران پێیان دەڵێت" زۆر پێدامەگرن لەسەر بڕیارەکە ؟؟؟!!




دەربارەی ستایشی لەشکری عەرەبی عێراقیش لەلایەن بالاێکی سیاسی گەورەی کورد، کە جێی نەفرەت و بێزارییە، ئەوەم ئاشکرا کرد" ئەو وتارە خودی مام جەلال نووسیوییەتی !!

لەبارەی ئیسلامییەکانیشەوە ئەوم دەربڕی" ئیوە هەرگیز لە دژی ئایینی ئیسلام قسەتان نەکردووە و بەڵکوو پاڵپشتیتان لەو ئایینە کردووە، کەچی هێشتا پارتە ئیسلامییەکان بە ڕەسەن و نارەسەنیانەوە بە کافر و خوا نەناس دادەنێن، بۆ چاو ناگێڕنەوە بەم هەڵویستەتاندا؟

= خەسرەو پیربالی نوێنەری KDP نیگەرانی و گازەندەی لە وەڵامی پرسیارێکی دکتۆر هەبوو، کە لە ڕۆژنامەی Helsingin Sanomat لێیکراوە دەربارەی کێشەو ڕێژەی دەرامەتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بووە.

= عەبدوڵڵا سەراج رەخنەی لە سەرکردایەتی سیاسی کورد گرت کە بۆچ تا لە شاخ بوون یەکگرتوو بوون و لە بەرەیەکدا بوون بەڵام لەسەردەمی ئازادیدا لێکتربەربوون ؟!

عەبدوڵڵا سەراج لە کۆتایی سیمینارەکەدا فرسەتی قۆستەوە و نزیکەی بیست نیگاری دەستکردی خۆی نمایش کرد.

= سالار سۆڤ ئەوەی دەربڕی بۆچ ڕێگاتان داوە بە ئیسلامییەکان بە ئارەزووی خۆیان کار و قسە و زۆر شتی ناجۆر بکەن، ئەی بۆ ڕێگا نادەن بە نەیارانی جۆراوجۆری ئەوان کار و قسە بکەن؟!

= بەرپرسی کۆمیتەی فینلەندیان لە چوونە دەرەوەدا پێی ووتم: ئەو قسەو باسانە لێرە بەجێبهێڵە ! منیش سکم عەماری کەس نییە، لەشوێنی قەڵەباڵغدا نەبێت نایدرکێنم.

= ژمارەیەکی باش لە ژنان ئامادە بوون کە قسە هاتە سەر ئەوان یەك دوانێکیان نارەزایەتیان لە دژی هەڵسووکەوتی ناشیرینی پیاوان و کاربەدەستان و هتد زۆر ئازایانە دەربڕی، دکتۆریش نەیوێرا لایەنگریان نەکات. چوونکە کاربەدەستانی حکومەتی فینلەندیش نیگەرانی خۆیان لەسەر ڕەوشی ژنانی کوردستان دەربڕی بوو.